بەرنامەی

# کۆمەڵەی

# کۆماری کوردستان

## پەسندکراوی کۆبوونەوەی دامەزراندن ٢٠١٦

### پێشەکی

مێژووی کۆن و نوێ و هاوچەرخی کوردستان و دابەشکردنی بە سەر دەوڵەتانی داگیرکەر و پاشتر لکاندنی بەشی باشووری بە دەوڵەتی عێراقی تازەدامەزراو و لە دواقۆناغدا دروستکردنی هەرێمی کوردستان، دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە بەردەوامی کاریان کردووە لە سەر کپکردنی هەر دەنگێکی وڵاتپاریز و وێرانکردنی موڵکی خەڵکی و بەتاڵانبردنی سامانی هاووڵاتیان ، بەمەش نەوەستاون ، هەرکاتێک هەلیان بۆ ڕەخسابێت قەتڵوعامی خەڵکی کوردستانیان کردووە ، بۆیە ناکرێ و بە هەر بیانوویەک بێت واز لە مافی ڕەوای گەلەکەمان بێنین کە دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستانە ، جارێکی تر خەڵکی کوردستان و مێژووی کوردستان بکەینە بەشێک لە یاریە سیاسیەکانی داگیرکەرانی ناوچەکە ، کوردستان دەکرێ وەک شەریک بەشداربێت لە **بنیاتنان و دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراسی لە گەڵ میللەتانی ناوچەکە** ، بەڵام شەرعیەت نادا بە سیستەمەکانی جەوروستەم و چەوسانەوە.

هەمیشە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و چینە مامناوەندییەکان قوربانی سەرەکی ئەم هێرشانە بوون ، کە زۆرینەی ژمارەی خەڵکی کوردستانن ، بۆیە **کار دەکەین بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە چیناتییەکان کە لە خزمەتی چینە هەژار و زەحمەتکێش و مامناوەندیەکان بێت لە کوردستاندا.**

**دادپەروەری ( ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی و ڕۆشنبیری ) ڕەچاوبکرێت لە دامەزراندن و کارکردنی دەزگاکانی دەوڵەت.**

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ ، هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم لە فەوزایەکی سیاسی و یاسایی و ئیداریی دەگوزەرێ و سیاسەت لە دەرەوەی حکومەت و حزبەکان بڕیاری لە سەر دەدرێت ، **کاردەکەین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی** کە لە هەموو بەش و جومگەکانی کۆمەڵ بەرجەستە بکرێت.

لە کوردستان هەندێ یاسا بە ویستی کەس و گرووپی دەرەوەی دەسەڵاتە فەرمییەکان دەردەچن ، حوکم و بڕیارەکانی دادگا دەسەڵاتی بە سەر کۆمەڵێک گرووپ و کەس نییە ، کە بە بەرنامە سەرپێچی لە یاسا دەکەن ، بۆیە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانمان **گەڕاندنەوەی سەروەرییە بۆ دەسەڵاتی دادوەری.**

دوو ئیدارەیی زۆر بە قوڵی دەستی بە سەر وڵات داگرتووە و ڕێگرە لە پێشکەوتنی کوردستان و بەڕێوەبردنی هاوچەرخیانەی حکومەت و خزمەتکردنی هاووڵاتیان ، بۆیە دەبێت بە هەموو ئامرازەکان **دوو ئیدارەیی و دەسەڵاتەکانی دەرەوەی دەسەڵاتە فەرمییەکان بنبڕ بکرێ.**

سنووری ئیداری پارێزگاکانی کوردستان خەریکە سەد ساڵی بەسەر تێدەپەڕێ جگە لە هەندێ دەستکاری بچووک ; بۆ زیاتر گونجان لە گەڵ سەردەم و

خزمەتکردنی هاووڵاتیان داوای **دارشتنەوەی پارێزگاکان و دروستکردنی پارێزگای نوێ** دەکەین.

حزب و کەسانی دەستڕۆیشتوو ماڵی خەڵکی کوردستانیان ( گشتی و تایبەت ) دەستبەسەرداگرتووە و بەتاڵانیان بردووە، بۆیە **کار دەکەین بۆ دەرکردنی یاسای دەستبەسەرداگرتن بە سەر موڵکی بازرگانی حزبەکان و سەرکردەی حزبەکان و گەڕاندنەوەی بۆ موڵکی گشتی و پێداچوونەوە بە موڵکی گەورە بەرپرسە حکومیی و حزبییەکان.**

کوردستان لە ناوچەیەکی ئێجگار هەستیار دەژی بۆیە لە کاتی مامەڵەکردنمان لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ تەنیا بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان ڕێنیشاندەرمان دەبێت ، نەک پەیوەستبوون بە میحوەرەکانی ناوچە ، بۆیە کاردەکەین بۆ پەیوەندی توندوتۆڵ لە گەڵ دراوسێکانی کوردستان و **بێلایەنی سیاسی ڕوون و ئاشکرا لە هەر ململانێیەکی سیاسی ناوچەیی نێوان وڵاتانی ناوچەکە** ، بەڵام هەوڵی تەواومان دەدەین بۆ **دانانی کۆمەڵێک پرۆژەی تەواوکاری (تکامل) ئابووری** لە گەڵ ئەم وڵاتانە بە تایبەتی لە بوارەکانی نەوت ، گاز ، کارەبا و هاتوچۆ کە بنەە بناغەی دروستبوونی ناوچەیەکی ئارام و پێشکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە پەیوەندییە جیهانییەکانیشدا دەبێت تەنیا قازانجی نیشتیمانی و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان ڕەچاو بکرێن.

# بەشی یەکەم

## کۆماری دیموکراسی کوردستان

پاش تەواوبوونی شەڕی جیهانی یەکەم و جارێکی تر دابەشکردنی کوردستان ، بەشێکی بە مەملەکەتی عێراقی تازەپێکهێنراو بەزۆر و بێ ڕەزامەندی لکێنراوە ، بە درێژایی نزیکەی یەک سەدە هاوولاتیانی کوردستان لە هەموو گۆڕانکارییەکانی عێراق بەشێک بوون لە ڕووداوەکان و تا ئێستا لە گەڵ نەتەوەکانی عێراق لە خۆشی و ناخۆشی هاوبەش بوون ، بە درێژایی ئەم سەدەیە خەڵکی کوردستان بە نەتەوە جیاجیاکانیەوە باجێکی زۆریان داوە لە بوونیان بە بەشێک لە عێراق ، پاش ئەم هەموو ئەزموونە و کارەساتانەی ڕوویاندا ، کوردستان و خەڵکی کوردستانیش بە حەقی ئینسانی و بەپێی جاڕنامە جیهانییەکان مافی تەواوی خۆیان هەیە لە بڕیاردانی چارەنووس و ئەم مافەش لە **دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ** دەبینین.

**کوردستان نیشتیمانی هەموو نەتەوەکانیەتی** ، کۆماری کوردستان زامنی جێبەجێکردنی **مافی چارەی خۆنووسینە بۆ هەر نەتەوەیەک** کە لە ڕووبەرێکی جوگرافی کۆدەبێتەوە و داوای دەکات.

**کوردستان خاک و نیشتیمانی هەموو پێکهاتەکانیەتی** ، کوردستانێک کە هەموو نەتەوە و هاوولاتیانی خاوەنی بن و بەیەکسانی و بێ جیاوازی تێیدا بژین ، دەوڵەتێک کە ئینسان و ژیانی ئینسان و خۆشگوزەرانی سەرجەم خەڵکەکەی ئامانجی سەرەکی بێت ، کوردستانێک کە کۆماری بێت ، واتە قەبوڵی بنەماڵە و شانشین و ئیمارەتێک نەکات کە بە درێژایی مێژوو بۆ بەرژەوەندی کەسێک یان چەند کەسێک حوکمیان کردووە و خەڵکی تریان کردۆتە کۆیلە.

**وولات دەبێت هی هەموو هاوولاتیانی بێت** و ناکرێ هیچ کەس و توێژ و چین و نەتەوەیەک لە کەس و توێژ و چین و نەتەوەکانی تر مافی زیاتری هەبێت و بە بەهانەی هێز و توانا و دەسەلات ئەم مافانە زەوت بکات.

**کوردستان دەبێت دیموکراسی بێت** ، حوکمی گەل بۆ گەل لە ڕێگای گەل دروشم و ئامانج بێت ، دیموکراسی تەنیا پرۆسەی هەڵبژاردن نیە ، دەبێت دیموکراسی لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی کۆمەڵی کوردستان بەرقەرار بێت و پیادەبکرێت ، لە هەموو یەکە و دەزگاکانی حوکم دیموکراسی پەیڕەو بکرێت و هووشیاری دیموکراسی لە ناو خەڵکیدا بلاوبێتەوە و خەڵکیش لە مامەڵەکردنیان لە گەڵ دەزگاکانی دەوڵەت و هاوولاتیان تێی بگەن و پەیڕەوی بکەن.

کۆماری کوردستانی دیموکرات **بە پێی بەرژەوەندی و بڕیاری** خەڵکی کوردستان و لە کاتی پێویست کاردەکات بۆ **یەکگرتنەوە لە گەڵ نەتەوە و دەوڵەتە کۆماری و دیموکراسییەکانی دراوسێ لە یەکێتیەکی کۆنفیدراڵیدا.**

**سیستەمی سیاسی کوردستان کۆماری دیموکراتی پەرلەمانیە ، دادپەروەری کۆمەلایەتیی ئامانجی دەبێت.**

**ئەنجومەنی نیشتیمانی** بە هەردوو ژوورەکەیەوە ( ئەنجوومەنی نوێنەران و هەرێمەکان ) **سەرچاوەی سەرەکی یاسادانن ، دیموکراسی لە بنکەوە بۆ سەرەوە دەبێت** ، لە دێ و گەڕەکەکان دەستپێدەکات تا بەرزترین ئەنجوومەنی یاسادانان.

**دزی وگەندەڵی** گەورەترین تاوانی نیشتمانیی و ئەخلاقیین کە دژ بە کۆمەڵ و وولات دەکرێن ، دوو دیاردەن هەمیشە مشەخۆر بەرهەم دێنێت و لە پێناو پاراستنی سامان و ئاسایشی نیشتیمانی و پارێزگاریکردن لە شیرازەی کۆمەڵ پێویستە **بە هەموو ئامرازەکان بنبڕ بکرێن.**

**دەوڵەت ، دەوڵەتی هاووڵاتیانە ، گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە ، یاسا بە ناوی گەل دەردەکرێ.**

**مرۆڤ بەرزترین بەهایە لە سیستەمی سیاسی کوردستان ، بوون و ژیانی بە هیچ جۆرێک و شێوەیەک دەستکاری ناکرێ.**

## بەشی دووەم

## ئابووری کوردستان

لە ئەنجامی سیاسەتەکانی پشتگوێخستن لە سەردەمی پاشایەتی و وێرانکردنی بە بەرنامە لە سەردەمی بەعس و بێ بەرنامەیی و تالانکردن و تالانسازی لە سەردەمی دەسەلاتی کوردی ئابووری کوردستان تووشی قەیرانی نەبوونی ژێرخانی پێویست بۆ ئیشکردن و گەشەکردن و نەشونماکردن بووە.

سیاسەتی ئابووری سەرمایەداری لە ژێر دروشمی بازاڕی ئازاد دەرگای کوردستانی والاکردووە بۆ بازرگانە چاوچنۆک و هاوبەرژەوەندەکانی دەسەلات بە بێ ڕەچاوکردنی سەروەری نیشتیمانی و بەرهەمهێنەری کورد و خەڵکی کوردستان ، بە بێ هیچ کۆنترۆلکردنێک سامانی کوردستان بە هەدەر دەدرێت و و نابێتە بەرهەم و دەبێتە دراو و دەچێتە دەرەوەی کوردستان.

ئابووری کوردستان بە دەست کەسانی دەسەلاتدار و حیزبی سیاسی دەناڵێنێ ، کە دەستیان گرتووە بە سەر جومگە و کەرتەکانی ئابووری ، سیاسەتی هەڵە و قۆرخکاری دژ بەخەڵکی و تێکدەرانە دەسەپێننە سەر دەسەلاتی حکومی کە لە کۆتاییدا بە زەرەری خەڵکی کوردستان و نەوەکانی داهاتوو دەشکێتەوە.

ئابوری کوردستان بە مەبەست و دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کراوەتە کلکی بازاڕە ناوچەیی و جیهانییەکان و کالای بە سوود و بێسوودی لێ ساغدەکرێتەوە و بە ملیارەها دۆلار پارەی کوردستان دەچێتە دەرەوە.

ئابووری کوردستان تەنیا لە خزمەت خاوەن پارە و سەرمایەیە و هیچ حیساب بۆ خەڵکی مامناوەندی و کەمدەرامەت نەکراوە کە دەبنە قوربانی ڕاستەوخۆی سیاسەتی ئابووری.

**لە کەرتی پیشەسازی ئامانجمان:**

١. دامەزراندنی کۆمپانیای تێکەڵ و پشتگیریکردن لە دامەزراندنی کۆمپانیای تایبەت بە پترۆکیمایی لە بوارەکانی سوودوەرگرتن لە پێکهاتە نەوتییەکان ، بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ و هەناردەکردن.

٢. دامەزراندنی کۆمپانیای تێکەڵ و پشتگیریکردن لە دامەزراندنی کۆمپانیای تایبەت لە بوارەکانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان ، بۆ بەکاربردنی ناوخۆ و هەناردەکردن.

٣. خانووی سەوز: گۆڕینی سیستەمی بیناکردنی خانوو و باڵاخانەکان بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندی دارایی هاووڵاتیان بێت و لە هەمان کات ژیان و ژینگە و تەندروستیان بپارێزی، ئەمەش بە دامەزراندنی کۆمپانیای تێکەڵ و پشتگیری لە دامەزراندنی کۆمپانیای تایبەت لە بووارەکانی پیشەسازی دروستکردنی کەرەستەکانی بیناسازی کە دۆستی ژینگە بن.

٤. کارکردن بۆ وەدەستهێنانی سەرچاوە زانستی و زانیارییەکانی هەندێ کەرتی پیشەسازی بە تایبەتی ئەو بەشانەی هێشتا لە سەرەتادان و ئەگەر هەیە کوردستان لە ماوەیەکی مام ناوەند بکاتە بەشێکی ئەم پیشەسازییانە لە سەر ئاستی جیهانی.

٥. پشتگیریکردن لە دامەزراندنی کۆمپانیای تایبەت لەو کەرتە پیشەسازییانەی ئەو جۆرە کاڵایانە بەرهەم دەهێنێ کە پارەیەکی بەرچاو لە داهاتی هاووڵاتیان تێیدا سەرف دەکرێ ، ئەمەش بۆ سوڕانەوەی پارەی سەرفکراوە لە ناوخۆی کوردستان.

٦. بە هێزکردن و بە کاراکردنی رۆڵی دەزگا پەیوەندیدارەکان لە بەدواداچوون و ڕێگرتن لە هەر سەرپێچییەک کە دەکرێت لە بواری پیشەسازی ، لەئەنجامدا سزادانی توندی ئەو کەس و کۆمپانیایانەی یاری بە ژیان و تەندروستی خەڵک دەکەن.

**لە کەرتی نەوت و گاز و سامانە سروشتیەکان ، ئامانجمان:**

١. نەوت و گاز و سامانە سروشتییەکان سامانێکی نیشتمانی و موڵکی گشتییە ، هیچ کەس و کۆمپانیایەک خاوەندارێتی ناکات.

٢. قەدەغەکردنی کارکردنی حزب و سیاسەتمەدارەکان لە بەشداریکردن و بازرگانیکردن لە هەموو بوار و ئاستەکانی پیشەسازی نەوت و گاز و سامانە سروشتیەکان و هەموو ئەو دەزگا داراییانەی پەیوەستیان بەم کارە هەیە و دەست بەسەرگرتنی هەر کۆمپانیایەک کە خاوەنەکەی کەسێک یان لایەنێکی سیاسییە و لە کاتی سەرپێچیکردن سزای توند تا دەگاتە زیندانی بۆ کەسەکان و قەدەغەکردنی ئەم لایەنانە.

٣. سزادانی توندی یاسایی هەر فەرمانبەر و بەرپرسێکی حکومی کە بەشداری دەکات لە دزیکردنی سامانی میللەت.

٤. بە کاراکردنی هێزی کاری خۆماڵی لە سەرجەم بەشەکانی ئەم پیشەسازییانە.

٥. هاوکاریکردن و پشتگیریکردنی کۆمپانیا جیهانییەکان بۆ بەشداری پێکردنیان لە قۆناغ و بەشە جیاکانی ئەم پیشەسازییانە، ئەمەش بە پێی ستاندارده جیهانییەکانی کاری پیشەسازی کە لە خزمەتی ئابووری و ژینگەی کوردستان بێت.

٦. بیناکردنی ژێرخانی تەکنیکی و دارایی پیشەسازی نەوت و گازو سامانە نیشتیمانییەکانی تر.

٧. پشتگیری کردنی یەکگرتنەوەی پاڵاوگەکانی نەوت لە چەند پاڵاوگەیەکی نوێ و مۆدێرن و ژینگەپارێز کە لە قازانجی خاوەن پاڵاوگەکان و هاووڵاتی و حکومەت بێت لە هەمان کات و بەرهەمهێنانی بەنزین و هاوجۆرەکانی بگەیەنەتە ڕادەی هەناردەکردن.

٨. پشتگیری سەرمایەی ناوخۆ لە بەکارابوونی لە بوارەکانی ئەم پیشەسازییە بە کردنەوەی کۆمپانیای تێکەڵ لە بوارە جیاجیاکانی.

٩. دروستکردنی تۆڕەکانی بۆڕی نەوت و گاز لە سەرجەم خاکی کوردستان تا بگاتە دوورترین کونجی ئەم وولاتە.

**لە کەرتی ووزە ، ئامانجمان:**

١. دامەزراندنی کۆمپانیای حکومی و تێکەڵ و پشتگیری لە دامەزراندنی کۆمپانیای تایبەت لە بواری بەرهەمهێنانی ووزە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو گرێبەستەکانی حکومەت لە گەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ووزە کە گەندەڵی لێ کراوە و بە بێ ڕەچاوکردنی ستاندارده جیهانییەکان کارەبایان لێ دەکڕدرێت و لە کاتی سەرپێچی و هاوکاری نەکردن دەست بەسەرداگرتنی موڵکەکانی ئەم کۆمپانیایانە بە پێی ڕێڕەوە یاسایی و جیهانییە پەیڕەوکراوەکان.

٢. قەدەغەکردنی کارکردنی حزب و سیاسەتمەدارەکان لە بەشداریکردن و بازرگانیکردن لە هەموو بوار و ئاستەکانی پیشەسازی ووزە و هەموو ئەو دەزگا داراییانەی پەیوەستن بەم کارە و دەست بەسەرگرتنی هەر کۆمپانیایەک کە خاوەنەکەی کەسێک یان لایەنێکی سیاسییە و لە کاتی سەرپێچیکردن سزای توند تا دەگاتە زیندانی بۆ کەسەکان و قەدەغەکردنی ئەم لایەنانە.

٣. سزادانی توندی یاسایی هەر فەرمانبەر و بەرپرسێکی حکومی کە بەشداری دەکات لە دزیکردنی سامانی میللەت و بەهەدەردانی بودجەی گشتی.

٤. دامەزراندنی بنەمای تەکنیکی لە بەرهەمهێنانی ووزە لە سەرچاوەکانی ئاو و با و تیشکی ڕۆژ کە بتوانن بە تێپەڕبوونی کات بەشێکی دیاریکراو و بەرچاو لە پیشەسازی ووزە لە کوردستان دروست بکەن.

٥. دووبارە دامەزراندنەوەی تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا بە نوێترین تەکنەلۆژیای جیهانی و سەیرکردنی وەک بەشێک لە سامانی گشتی.

٦. دروستکردنی سەنتەری گەرمکردنی ئاو لە شارە گەورەکان و پاشتر لە شار و لادێکانی کوردستان و گەیاندنی بە ماڵەکان بۆ دانانی سیستەمی گەرمکردنی ماڵ بە ئاوی گەرم.

**له كەرتی گواستنەوە ، ئامانجمان:**

١. دروستکردنی تۆڕی هاتوچۆی خێرا لە نێوان شارە سەرەکیەکانی کوردستان.
٢. دروستکردنی تۆڕی هاتوچۆی خێرا لە گەڵ وولاتانی دراوسێ.
٣. بە کاراکردنی دەزگا پەیوەندیدارەکان و بەرپرسیار لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی دروستکردنی ڕێگا و بان و پرد و ئەندەرپاسەکان و سزادانی هەر کۆمپانییەک کە دزی دەکات لە بەندەکانی گرێبەستەکەی و بەشێوەیەک بێت کە ژیان و گیانی خەڵکی تێدا پارێزراو و گونجاو بێ بۆ بەکارهێنان.
٤. دامەزراندنی کۆمپانیای تێکەڵ و پشتگیری لە دامەزراندنی کۆمپانیای تایبەت بە ئامرازەکانی هاتوچۆی گشتی ، جا چ لە ناو شارەکان یان لە دەرەوی شارەکان بێت.
٥. دامەزراندنی کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی کوردستان وەک کۆمپانیایەکی تێکەڵ کە پێداویستی هاتوچۆی هاووڵاتیان و میوانانی کوردستان پڕ بکاتەوە.
٦. قەدەغەکردنی هاوردەکردنی سەیارە بۆ بە کارهێنانی تایبەت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، کە ڕێگاوبانی کوردستان توانای زیاتریان نەماوە ، و پارەیەکی ئێجگار زۆریش دەچێتە دەرەوە و پاشتر دانانی باجی گونجاو و ڕێنوینی سەلامەتی پێویست بۆ ڕێگرتن لە هاوردەکردنی بێ کۆنترۆل و زەرەرمەند.
٧. ڕۆیشتنی ئەو پارەیەی ساڵانە وەک باج لە خاوەن سەیارە وەردەگیرێ بۆ سەندوقێکی گشتی دەوڵەت کە تایبەت دەبێت بە دروستکردن و چاککردنی ڕێگا و بانەکان و بەشی تەندروستی و ژینگە.

**له كەرتی کشتوکاڵ ، ئامانجمان:**

١. کشتوکاڵ یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی ئاسایشی نیشتمانی.
٢. پشتگیریکردنی جووتیاری کوردستان بە دانانی یاسای پاراستنی تایبەت بە بەرهەمەکانیان و پشتگیریکردنیان بۆ بەهێزکردنی تواناکانی بەربەرەکانی لە بازاڕی ناوچەیی و جیهانی.
٣. پشتگیری کەرتی تایبەت لە بە پیشەسازیکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی.
٤. ڕێگرتن لە بە هەدەردانی زەوی کشتوکاڵی لە ڕێگای مافیاکانی دەستبەسەرداگرتن و گرتنەبەری ڕێگاکانی یاسایی و بە کارهێنانی ڕاگەیاندن لە مەترسی ئەم کارە.
٥. دروستکردن و زیادکردنی عەمبار و کۆگای ساردکەرەوەی حکومی و کۆگای هەڵگرتنی بەروبوومی جووتیاران.
٦. پۆلینکردنەوەی زانستیانەی زەوی و زاری کشتوکاڵی بە مەبەستی خزمەتی گشتی.
٧. گرنگیدان بە ئاسایشی ئاو و دابینکردن و دابەشکردنی ئاو بە شێوەی پرۆژە.
٨. پێگەیاندنی جووتیاری نموونەیی بۆ زیادکردنی بەرهەم لە ڕێگای خوێندن و خولی فێرکاری.
٩. داڕشتنەوە و پێداچوونەوەی یاسای کشتوکاڵ و ئاودێری بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

**له کەرتی دارایی ، ئامانجمان:**

١. دامەزراندنی خەزێنەی نیشتیمانی زێڕ و سەبەتەی دراوەکان.
٢. پەیوەستکرندنی کاری بانکەکان لە پێدانی قەرز و کارپێکردنی پارە بە بانکی ناوەندی کوردستان.
٣. پشتگیریکردنی بانکە ناڕیبابیە ناوخۆییەکان بۆ زیادکردنی کۆکردنەوەی پارە و وەبەرهێنانی بەرنامە بۆداڕێژراو.
٤. دانانی بودجە و پەیڕەکردنی ڕێرەوی یاسایی لە وەرگرتنی لە هەموو بوارەکانی وەبەرهێنان.
٥. داڕێشتنی بانکی ناوەندی کوردستان وەک ناوەندی داڕێشتنی سیاسەتی نەقدی بە هەماهەنگ لە گەڵ وەزارەتی دارایی.
٦. ڕێگرتن لە دەرچوونی پارە بە نایاسایی بۆ دەرەوەی کوردستان.
٧. دوورخستنەوەی دەستی حزبەکان لە هەموو بەشەکانی کاری تایبەت و تێکەڵ و حکومی لە کەرتی دارایی.
٨. چاککردنی سیستەمی خانەنشین بە شێوەی گونجاو لە گەڵ ستانداردی جیهانی خانەنشین کردن بە بێ جیاوازی کەرتی تایبەت و گشتی و پیشەکانی تر.

**له کەرتی گەشت و گوزار ، ئامانجمان:**

١. پشتگیریکردنی کەرتی تایبەتی ناوخۆ و وەبەرهێنەری دەرەکی بۆ کارکردن لەم بوارە.
٢. پشتبەستن بە هێزی کاری ناوخۆ و توانا نیشتیمانییەکان.
٣. دووپاتکردنەوەی دەرنەچوونی بەشی زۆری قازانجی ئەم کەرتە بۆ دەرەوەی وڵات.
٤. فراوانکردنی ئەم کەرتە نابێت لە سەر حسابی ژینگە و کشتوکاڵ و سروشتی کوردستان بێت و بە پێی یاسا ڕێک بخرێت.
٥. دوورکردنەوەی کوردستان لە بازاڕی گەشتوگوزاری سێکسی.
٦. گرنگیدان بە بواری گەشتوگوزار بە مەبەستی بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و سەرنجڕاکێشانی گەشتیاری بیانی.

## بەشی سێیەم

# ژینگە

ژینگە بەشێکە لە بوونی ئێستای ئینسان و چارەنووسی نەوەکانی داهاتوو و سەرجەم مرۆڤایەتی دیاری دەکات ، بۆیە دەبێت وەک بەشێکی بنچینەیی بەرنامەی کار سەیری بکەین:

١. گرتنەبەری ستانداردی جیهانی پاراستنی ژینگە و دەرکردنی یاسای گونجاو و سزای توند بۆ سەرپێچیکەران.

٢. پشتگیری لە بەکارهێنانی سەرچاوە پاکەکانی ووزە لە بوارە جیاجیاکان.
٣. چاککردنی پاڵاوگەکان و کارگەکان و باشترکردنی جۆریی سوتەمەنییەکان و ڕەچاوکردنی ژینگە لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون.
٤. زیادکردنی ناوچەکانی پاراستنی ژینگەیی و پاراستنی ڕووەک و ئاژەڵە کێوییەکان لە لەناوچوون ( ڕاگرتنی هاوسەنگی سروشتی ).
٥. زیادکردنی ناوچە سەوزەکان لە شار و دەرەوەی شارەکان بە دانانی بەرنامەی کورتخایەن و درێژخایەن.
٦. ڕێگرتن لە گۆڕینی زەوی کشتوکاڵی و لەوەڕگا و دارستان و دەشت و چیاکان بۆ خانوبەرە و گرتنەبەری سەرجەم ڕێگا و ئامرازەکان بۆ ئەم مەبەستە.

## بەشی چوارەم

## تەندروستی

یەکێک لە بناغە و کۆڵەگاکانی خۆشگوزەرانی ، بوونی سیستەمی تەندروستی سەرکەوتووە ، کە لە خزمەتی سەلامەتی و تەندروستی سەرجەم هاووڵاتیان دابێت و بە یەکسانی چارەی هەموو نەخۆشێک بکرێت ، بۆیە ئێمە کاردەکەین بۆ:

١. پەیرەوکردنی سیستەمی دەستەبەری تەندروستی ئیلزامی.
٢. دانانی سەندوقی دەستەبەری تەندروستی.
٣. فەرمانگە و دەزگا حکومییە تەندروستییەکان دەبێت قازانج بکەن ، هاوشێوەی کەرتی تایبەت.
٤. دەرکردنی یاسای تایبەت کە تێچووی چارەسەرکردن یەکسان بکرێت لە کەرتی حکومی و تایبەت.
٥. هاوردەکردنی دەرمان لە ژێر چاودێری کوالیتی کۆنترۆڵ و وەزارەتی تەندروستی بێت و بە پێی ستاندارە جیهانییەکان مامەڵە بکرێت ، ئەم کەرتە لە مافیاکانی هاوردەکردنی دەرمان دووربخرێتەوە.

## بەشی پێنجەم

## خوێندن

بناغەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و خۆشگوزەرانی خەڵک لە سیستەمی خوێندنی دروست و بوونی هەلی یەکسان بۆ هەموو کەسێک ، بە ئینسانیکردنی شێوازەکانی خوێندنە.

پشتگوێخستنی بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستا و تەشەنەکردنی خوێندنی تایبەت و کۆنترۆلکردنی فێرگاکان لە لایەن حزبەکان و بێ بەرنامەیی سەرتاپای پرۆسەی خوێندن ، گرفتە گەورەکانی ئەم کەرتە گرنگەن ، بۆیە **ئامانجمان:**

١. دووباره داڕێشتنەوەی سیستەمی خوێندن بە شێوەیەک کە خوێندنگاکان ببنە جێگای فێربوون و پەروەردەکردن لە جیاتی بەرهەمهێنانی بڕوانامە.
٢. پاراستنی مافی مامۆستا و قوتابی بە سەیرکردنی قوتابی وەک مەبەستی سەرەکی سیستەمی فێربوون و پەروەردەکردن و مامۆستا وەک هۆکاری سەرەکی ئەم سیستەمە و نەهێشتنی گەندەڵی و مەحسوبیەت.
٣. پەیوەستکردنی قۆناغەکانی خوێندن بە بازاڕی بەرهەمهێنان.
٤. زمانی فێربوون و پەروەردە لە هەموو قۆناغەکان زمانی کوردییە بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەکانی کوردستان.
٥. بە ئیلزامیکردنی خوێندن تا ئاستی نۆی بنەڕەتی.
٦. بە خۆڕایی کردنی سیستەمی خوێندن.

## بەشی شەشەم

## خێزان و منداڵ

خێزان وەک پێکهاتەی بنچینەیی سیستەمی کۆمەڵایەتیی سەیردەکەین بۆیە پشتگیری دەکەین لە:

١. هاوکاریکردنی خێزان لە ئەرکەکانی ژیان و پەروەردکردندا.
٢. پارێزگاریکردنی تاکەکانی خێزان و پاراستنی تایبەتمەندییان.
٣. پشتگیری دارایی و یاسایی منداڵان لە ناو خێزان.
٤. قەدەغەکردنی کاری منداڵان و مسۆگەرکردنی خۆشگوزەرانی.
٥. نەهێشتنی هەموو جۆرە توندوتیژییەک لە ناو خێزاندا.
٦. ڕێکخستنی مەدەنیانەی هاوسەرگیری و پێکەوەنانی خێزان بە پێی یاسا و ڕەزامەندی ئارەزوومەندانە دوور لە توند و تیژی.

## بەشی حەوتەم

## کرێکاران

چینی کرێکار هێزی بەرهەمهێنانن لە کۆمەڵگادا و کوردستانیش بە حوکمی وابەستەیی بە بازاڕی سەرمایەداری جیهانی و پاشکەوتوویی لە بوارە ئابووریی و سیاسیی و مافەکان، مافێکی زۆری کرێکاران زەوتکراوە، لە سۆنگەی بڕوابوونمان بە مافی تەواوی چینی کرێکاران لە خۆشگوزەرانی و ژیانێکی سەرفرازانە ئێمە لە کۆمەڵە کاردەکەین بۆ:

١. مافی خانەنشینی بۆ هەموو کرێکارێک بە بێ جیاوازی لە کەرت و جۆری پیشەکەی.

٢. بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکارێک بە بێ جیاوازی لە کەرت و جۆری پیشەکەی.
٣. مافی کرێی یەکسان لە نێوان پیاو و ژن بەرامبەر کاری یەکسان و یەکسانکردنی کرێی کرێکاری بیانی و خۆماڵی.
٤. ئازادی پێکهێنانی سەندیکا وکۆبوونەوە و بەکارهێنانی شێوەکانی ئاشتیانەی نارەزاییبوون و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی تاک سەندیکایی.
٥. کاراکردنی گرێبەستی کار بۆ مسۆگەرکردنی ئەرک و مافەکان و سزادانی سەرپێچیکەر.
٦. پەیرەوکردنی ڕێنماییەکانی سەلامەتی کار بە ئیلزامی.
٧. دەرکردنی یاسای کاری سەردەمیانە کە مافی کرێکارانی تێدا پارێزراو بێت.

## بەشی هەشتەم

## بەرگری و ئاسایشی نیشتیمانی

دامەزراندنی سوپا و دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ ، بە ئەرکی سەرەکی و نیشتیمانی و بەپەلەی کۆمەڵە دەزانین ، بە بێ ئەوە هەموو هەوڵ و کار و یاسایەک پووچ دەکرێتەوە و بێ ئەنجام دەبێت ، بۆیە کۆمەڵە کاردەکات لە پێناو:

١. خزمەتی سەربازی ئیلزامی بێت.
٢. دروستکردنی سوپای ئیحتیات.
٣. ئەفسەرەکان بەپێی پێویست دەبێت دەرچووی خوێندنی ئەکادیمی و شارەزای بواری کارکردنیان بن.
٤. لە دەرەوەی سوپای نیشتیمانی بوونی هەر هێزێکی تری چەکداری قەدەغەیە.
٥. چاودێریکردنی هاووڵاتیانی کوردستان پەیوەستە بە بڕیاری دادوەر و لیژنەی پەرلەمانی تایبەتمەند.

## بەشی نۆیەم

## ڕۆشنبیری

بەو پێیەی کە ڕۆشنبیری کایەیەکی گشتییە بۆیە دەبێت حکومەت پشتگیری و هاریکاری دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان بکات و کار بۆ کردنەوە و پەرەپێدانی کتێبخانە گشتییەکان لە هەموو شار و لادێ گەورەکانی کوردستان بە پێی ستاندارە جیهانییەکان بکات.

هەروەها هەوڵ دەدا بۆ نەهێشتنی هەموو کۆسپ و تەگەرەیەک لەبەردەم فراوانبوونی ئاسۆکانی ڕۆشنبیری تاکەکەسی و پاراستنی ڕۆشنبیری نیشتیمانی و نەتەوەیی بە ئەرکە سەرەکیەکانی خۆی دەزانێت.

پاراستنی زمان و رۆشنبیری نەتەوەیی نەتەوەکانی کوردستان بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانمان دادەنرێن ، هەروەها کاراکردنی ئەکادیمیای زانستی کوردستان و دەزگا هاوشێوەکانی لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە.

هەوڵدان بۆ بەکەلتوورکردنی کتێب و خوێندنەوە.

ڕێگەگرتن لە زاڵبوونی فەرهەنگی ڕەگەزپەرستانە لە سەر شێواندنی ڕۆشنبیری و کەسایەتی هاووڵاتیانی کوردستان.

## بەشی دەیەم

## شارەوانی

دەسەڵاتی ناوچەیی(لا مەرکەزی) و دیموکراسی بنچینەیی و دیموکراسی لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە هێلە سەرەکیەکانی داڕێشتنەوەی سیستەمی ئیداری و بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی سیاسی دادەنێین.

پێگە و ڕۆڵی شارەوانی بە بناغەیی سەیردەکەین لەووڵات و بە یەکەی سەرەکی بەڕێوەبردن و حوکمکردن و بە ناوەندی دەرکردنی یاسا و بڕیارەکانی دەزانین ، بۆیە ئامانجمان:

١. وەلانانی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە باجی وەرگیراو لە سنووری شارەوانی بۆ خەزێنەی شارەوانی.
٢. یەکەی کارگێری و سەرۆکەکەی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵێدەبژێرێ.
٣. ئەنجومەنی باڵای شارەوانیەکان و دەستەی گشتی شارەوانییەکان سیاسەتی نیشتیمانی لەم بوارە دادەڕێژن.
٤. ڕاگرتنی فراوانبوونی سنووری شارەوانییەکان تا داڕشتن و دانانی سیاسەتی نیشتیمانی لەو بوارەدا.

کۆمەڵەی کۆماری کوردستان
بەرنامەی کۆمەڵەی کۆماری کوردستان

© ٢٠١٦ ، کوردستان - هەولێر
مافی چاپ بە هەموو زمانەکان بۆ کۆمەڵەی کۆماریی کوردستان پارێزراوە

بەرنامەی کۆمەڵەی کۆماریی کوردستان
برنامج عصبة جمهورية کوردستان
Program of League of Kurdistan Repubilc